# بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا(5)

نووسینی: تاهیر عەلیار

## خوێندن و خوێندنگە لە بۆکان (١-٥)

*[[ لە سەرەتای دەست بەکارکردنی ماڵپەڕی بۆکان، بەشێکی تایبەت بە خوێندنگاکانی بۆکان تەرخان کرابوو، کە ئەو دەم واتە ١٥ ساڵ بەر لە ئێستا هەم دەستکەوتنی زانیاریی و پێوەندیگرتن لە گەڵ خەڵکان چەتوون بوو، هەم لاکردنەوە لە بابەتێکی وا لە لایەن زۆر کەسەوە بە گرنگ نەدەزاندرا، ئێستا پاش تێپەڕبوونی ئەم ساڵانە و بوونی ئینترنێت و ڕێگاکانی پێوەندی و هاسانبوونەوەی ناردنی بابەت و هەست بەبرپرسیاریکردنی زۆرتر لە مەر زانیاریی بەخشین، ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان لە چوارچێوەی پرۆژەی "بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا" جارێکی دی ئاوڕ لەو بابەتە دەداتەوە و بەرپرسانی پرۆژەکە هیوادەخوازن لە گەڵ پشتیوانییەکی زۆری خەڵک بە تایبەت ئەوانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندیان بە خوێندنگاکانەوە هەبووە، وەک خوێندکار، موعەلیم و دەبیر و کارمەندی ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان و هەروەها وەک دایک و باوکی منداڵان و خوێندکاران بابەتەکانی خۆیان بۆ ماڵپەڕەکە بنێرن. بیرەوەری، بەڵگەنامە، وێنە، فیلم و هەر چەشنە زانیارییەک کە بگاتە دەست بەرپرسانی پرۆژەکە بە شێوەی شیاو بڵاو دەکرێتەوە. مەدرەسە لە شاری بۆکان بە تەنیا شوێنی خوێندن نەبووە بەڵکوو شوێنی چالاکی هونەریی، فەرهەنگی، وەرزشی، ڕۆژنانەنووسی و شوێنی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیش بووە. باسکردن لە هەرکام لەو لایەنانە، کۆکردنەوەی زانیارییەکی دەوڵەمەندە کە جێگا و پێگەی شارەکە لە سەردەمەکاندا نیشان دەدا. هاوکاری هەرکەس جێگای ڕێز و پێزانینی ئێمەیە]] بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا* redaktion@rojhalat.de

## کورتە مێژووی پەروەردە و خوێندن لە بۆکان

نووسەر: ڕەحمان محەممەدیان*

لە بۆکان تا پێش ساڵی 1307 ی هەتاوی( 1928 ز)، بە بۆنەی دەسەڵاتی سەردار و دەرەبەگ و وشکەڕۆیی ئایینی و

لە پێش هەموو ئەوانەشەوە پشت گوێ خرانی ناوچەکە لە لایەن دەسەڵاتداریەتی ئەو دەمی ئێرانەوە، قوتا بخانەی فەرمی لە شار و گوندەکانی دەوروبەر پەیدا نەبوو. تەنیا لە مزگەوت و تەکیە وانەی ئایینی دەگوترا و لەو ساڵانەی دوای شدا دوو مەکتە بخانەی بچووک لە ماڵی مامۆستا شێخ حەسەن کازمی و مەلا عەبدوڵڵا موئەزن دایر ببوو. هەوەڵین قوتا بخانەی سەرەتایی فەرمی بە ناوی "شاپوور" لە قەڵای سەرداری بۆکان لە ساڵی 1307 ی ە( 1928 ز) کرایەوە. بەڕێزان "مێهدی شەیبانی" وەک مودیر ومامۆستا، "سەید حەسەن کازمی" وەک مامۆستا و مام "میرەی دەربانی"ش وەک خزمەتکاری قوتا بخانەکە دەس تنیشان کران.قوتابی پۆلی یەکەمی ئەو قوتا بخانەیە لە ساڵی خوێندنی - 1313

1312دا گەیشتنە پۆلی شەشەم و دەبوایە بۆ ئیمتحان بڕۆن بۆ مە هاباد. ژمارەی قوتابیان نۆ کەس بوون، لە مانگی جۆزەردان ئەو قوتابیانە بە سەرپەرەشتی بەڕێز مودەڕڕسی یەکێک لە نزیکانی بەڕێز شەیبانی لە ڕێگای بورهانەوە بە پای پیادە و سواری دەگەنە مەهاباد، خەڵکی بۆکان تا ئەوبەری میراوا قوتابیەکان بەڕێ دەکەن.

قوتابییە کانی بۆکان وێڕای قوتابییە کانی مە هاباد لە تاقیکار یدا بەشداری دەکەن و هەر نۆ کە سیان بە ئاکامی باشەوە سەرکەوتن بە دەست دێنن و پلەی یەکەمیان پێ دەدرێ، ئەوجار بە شانازی و د ڵخۆشییەوە دەگەڕێنەوە بۆ بۆکان، لە گەڕانەوەدا خەڵک پێشوازی شایانیان لێ دەکەن. ماوەیەک دواتر بەرپرسانی ئەو کاتی فەرهەنگی مەهاباد و ڕەزائیە بەڕێزان "پژوهش" و "تەربییت " بۆ ڕێز گرتن لە تێکۆشانی مودیر و مامۆستاکان، هەروەها دەستخۆشی لە قوتابیان بۆ هەوڵدانی سەرکەوتوانەیان لە بۆکان ئامادە بوون و هەر لەو دیمانەیەدا فەرمانیا ن دا لە ساڵی داهاتووڕا ئیمتحانی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە بۆکان بەڕێوە بچێ وهەروەها وەک خەڵاتێک حوکمی نوێنەری فەرهەنگی بۆکانیان پێشکەش بە بەڕێز مهدی شەیبانی کرد. هەر لەو کاتەوە ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان لە قەڵای سەردار دامەزرا و لە پاڵ قوتا بخانەی

شاپوور چەند ژوورێکی بەر هەیوانەکەی لای بورجی باکووریان بۆ دەستنیشان کرد.

ئەوانەی خوارەوە ئەو نۆ قوتابیەی بۆکانن کە لە جۆزەردانی ساڵی 1313 ی هەتاوی لە تاقیکردنەوەی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە مەهاباد بەشدار بوون. حەسەن حەریری/ حوسێن تەهایی/ حوسێن فاتحی /محەممەدڕەشید محەممەدیان/ سەید سدیق قوڕەیشی/

سەید محەممەدحەسەن قوڕەیشی/ عەبدولڕەحمان حەریقی/ محەممەدساڵح باباخانی/ هاڕوون عیمرانی بۆکانی لە ساڵی 1326 ە ش ( 1947 ز) قوتا بخانەی ناوەندی بە ناوی کورش کبیر" لە بۆکان کراوەتەوە، دواتریش بە هۆی گەورە بوونەوەی شار و لە زیاد بوونی ڕێژەی جەماوەر، قوتابی و قوتا بخانە زیادی کردووە. تا پێش ساڵی 1352 ی ە ( 1973 ز)پەروەردە و خوێندن وەک پاشماوەی ئیداراتی بۆکان، لە ژێر چاوەدێری شاری مەهابادا بوو و بوودجەیەکی ئەوتۆ بە بۆکان نەدەگەیشت. لەو ساڵەدا قوتا بخانەی ناوەندی بۆکان تەنیا مامۆستایەکی هەبوو کە خوێندنی باڵای بووبێ چەند مامۆستایەکیش بە یارمەتی کە سوکاری قوتابیان لە شاری سەقزەوە ها توچۆی بۆکانیان دەکرد .لە ساڵی 1352 ی ە ( 1973 ز)فەرمانگەی پەروەردە و خوێندنی بۆکان سەربەخۆ بوو و وەک ئیدارەیەکی ناوچەیی پێوەندی لەگەڵ مەهاباد بڕا و لەوکاتە بە دواوە گەشەیەکی زیاتری بە خۆیەوە بینی. پارەی پێویستی بۆ بینای قوتا بخانە لە تارانەوە بۆ دابین کرا، ماڵی خوالێخۆشبووان حاجی قاسم ئاغا و حاجی ئەبووبەکرئاغا موهتەدی هەروەها بەڕێزان کاک قەرەنی و کاک تاهیر ئیلخانیزادە و خەڵکانی خێرخوازی تر ئاوەدان بێ، زەوی پێویستیان پێشکەش کرد و بینای قوتا بخانە دەستی پێکرد و مامۆستای پێویستیش بۆ قوتا بخانەکانی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی دابین کرا.

لێرەدا بۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە، زانیاری ژمارەیی لەمەڕ ڕێژەی قوتابی و قوتا بخانە و پۆلی خوێندن لە ساڵەکانی 1356 ی ە( 1977 ز) و ئەم ساڵ یانی ساڵی 1390 ی ە ( 2011 ز) دەخەمە بەر چاوی خوێنەران:

| خولی خوێندن | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی قوتابی | ژمارەی کارگێر | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| باخچەی منالا ن | 1 | 240 | 7 | |
| قوتا بخانەی سەرەتای ی | 6 | 3944 | 157 | |
| قوتا بخانەی ناوەندی | 4 | 2123 | 127 | لەساڵی 56- 1355 |
| قوتا بخانەیەکی ناوەندیش لە گوندی ڕەحی مخان کرایەوە. | | | | |
| قوتا بخانەی دواناوەندی | 1 | 615 | 31 | ڕێژەی قوتا بخانە،قوتابی، پۆلی دەرس و کارگێر لە ساڵی خوێندنی 56-1355(1977ز) بۆکان |
| قوتا بخانەی ناوەندی گەورەسال | 1 | 201 | | |
| قوتا بخانەی سەرەتایی ئاوای ییەکان | 124 | 6824 | 217 | |
| کۆ | 137 | 13947 | 539 | |

| خولی خوێندن | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی پۆلی خوێند ن | ژمارەی قوتابی | ژمارەی کارگێر | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی منالا ن | 48 | 59 | 996 | 927 | |
| قوتا بخانەی سەرەتایی | 1 91 | 713 | 17691 | 927 | ڕێژەی قوتا بخانە،قوتابی، پۆلی دەرس و کارگێر لە ساڵی خوێندنی 91-1390(2012ز) بۆکان |
| قوتا بخانەی ناوەندی | 68 | 386 | 9956 | 616 | |
| قوتا بخانەی دوواناوەندی | 36 | 351 | 9147 | | |
| قوتا بخانەی لێزانی پیشەیی | 5 | 48 | 1141 | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| قوتابخانەی ئیشی زانست | 6 | 49 | 1355 | |
| قوتابخانەی پێش زانکۆ | 17 | 83 | 2041 | 23 |
| کۆ | 371 | 1689 | 42327 | 2301 |

* ڕەحمان محەممەدیان نووسەری ئەم بابەتە، ساڵانێکی زۆر یەکێک لە بەرپرسانی ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان لە شاری بۆکان بووە و بە پێی شارەزاییان دەکرێ چاوەڕوانی نووسینی زۆرتریان لێ بکرێ لە مەڕ مێژووی خوێندن و خوێندنگەکان لە بۆکان و ناوچە.

**درێژەی هەیە**

سەرچاوە: گۆواری مەهاباد ژمارە 133